# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## ئانانسی و زانایی

Ghanaian folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 3.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0

# ئانانسی و زانایی



Ghanaian folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin
3
کوردی ckb



له سەردەمانی زوو خەڵك هیچیان نەدەزانی. خەڵك نەیاندەزانی شت بچێنن یان پارچە بچنن یان كەرەستەی ئاسن دروست بكەن. خەڵك باوەڕیان وابوو خودایەك بە ناوی “نیاما” لە ئاسمانە كە هەموو زانیاریەكانی جیهانی لە لایە. ئەو هەموو زانیاریەكانی لەناو گۆزەیەكی گڵدا شاردۆتەوە.





گۆزەكە شكا و بوو بە هەزار پارچە. ئەوجار زانایی ئازاد بوو بۆ هەموو كەس كە سوودی لێوەربگرێ. بەم جۆرە بوو كە خەڵك فێربوون زەوی بكێڵن، جلوبەرگ بدوروون و كەرەستەش لە ئاسن دروست بكەن، و هەموو شتەكانی دیكەش كە خەڵك دەزانن چۆن دروستیان بكەن.



ڕۆژێکیان نیاملا بڕیاری دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی بدات بە ئانانسی. هەر جارەی کە ئانانسی سەیری گۆزەکەی دەکرد، شتێکی نوێ فێر دەبوو. زۆر سەرنجڕاکێش بوو!





خەریك بوو لەترۆپکی دارەکە نزیك دەبوویەوە، بەڵام دواتر ڕاوەستا و بیری کردەووە: "بڕیار وابوو هەر ئەمن هەموو زانابیەکم هەبێت، بەڵام ئێستا کوڕەکەم لە من ژیرترە!" ئانانسی زۆر تووڕە بوو، بۆیە گۆزەکەی لەسەر درارەکەوە فڕێدایە خوارەوە.



ئانانسی چاوچنۆك بیری کردەووە: “من ئەم گۆزەیە لەسەر دارێک دەشارمەوە کە تەنیا خۆم بتوانم کەڵکی لێ وەربگرم!” ئەو پەتێکی درێژی هێناو لە دەوری گۆزەکەی ئاڵاند و لە کەمەری خۆی بەست و دواتر بەسەر دارەکە هەڵگەڕا، بەڵام زۆر بە سەختی دەیتوانی بە دارەکەدا هەڵگەڕێ، لەبەر ئەوەی هەموو جارێ گۆزەکە بە ئەژنۆی دەکەوت.





کوڕە بچوکەکەی ئانانسی لەژێر دارەکە وەستابوو چاوی لێ دەکرد و گوتی: “ئاسلانتر نەبوو کە ئەگەر ئەو گۆزەیەت لە کۆڵت بەستبا؟” ئەوجار ئانانسی هەوڵی دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی لە پشتی ببەستێ. لە ڕاستیدا ئاوا زۆر ئاسلانتر بوو.